# چەند سەرنجێك لەسەر ڕێكەوتنی هەردو دەسەڵات و ئەزمونی چەند ساڵە



**سەلاّحی گەرمیان/ سیدنی**
germiyan@hotmail.com

**ڕاگەیاندنی یەكگرتنەوەی هەردو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی بە ڕێكەوتنی نێوان سەركردایەتی هەردو حیزبی خاوەن دەسەڵات لە كوردستاندا، ئەگەر بە ڕوكەشیش بێت هەنگاوێكی گرنگ و سەرتایەكی پێویستە  بۆ لەناو بردنی ئەو حالّەتە ناهەموارەی كە دروست بوبو لە ئەنجامی شەڕی دەسەلاّت و هەولّدان بۆ وەلانان و سرینەوەی بەرامبەر. بەلاّم بە پێی ناوەڕۆكی ڕێكەوتنەكە كە یەكگرتنەوەی بەرژەوەندی هەردولا لە بارودۆخێكی هەستیاردا سەپاندویەتی بەسەریاندا بۆ ئەوەی هەنگاوێكی وا بنێن. لەوە ناچێت لەوەی تەنیا لە دوبارەكردنەوەی سیناریۆی ڕێكەوتنەكانی پێشوو زیاتر بێت. هەرچەندە دەزگای ڕاگەیاندنی حیزبی لەهەولّی ئەوەدایە وەك پێویستی بەرژەوەندی بالاّی نیشتمان بیخاتە ڕوو، بەلاّم لە ڕاستیدا ئەزمونی ڕابردووی چەند سالّەی دەسەلاّت لە كوردستاندا و ناوەڕۆكی ڕێكەوتنەكە ئەو ڕاستیە ئەسەلمێنێت كە جگە لە برژەوەندی هەردولا بەرژەوەندی خەلّكی كوردستان بناما نەبووە لەو ڕێكەوتنەدا.**

لێرەدا، بۆ هەلّسەنگاندنی ئەم هەنگاوە كە ببوە خەونی ملیۆنەها كەس بەدەر لە ناوەڕۆك و نیاز و خوازە شارەوەكانی، پێویستە ئاوڕ لە ئەزمونی ململانی هەردولای ڕێكەوتنەكە بدرێتەوە. مەبەست لێرەدا (كای كۆن بەباكردن) نیە بەلّكو چاوخشاندن و سەرنجدانێكی پێویستە بە ڕابردویەكی پڕ لە ئەزمونی تالّی كۆمەلاّنی خەلّكی كوردستان كە سالّەهای سالّ ژیانیان تیایدا بردوەتەسەر و باجی قورسیان داوە لە ئەنجامدا. ئێستاش لاپەرەیەكی تری وا دوبارە ئەبێتەوە لەبارودۆخێكی تردا و ئەوەی پێوە دیار نیە كە لە سەر بنامەیەكی بتەو بناغەی گرتبێت وتەنگەژەی پتر لە **40** سالّی ڕابوردوی ململانێی نیوانیان بەم ڕێكەوتنە ببڕێتەوە ، بەلّكۆ دوبارەكردنەوەیەكی زەقی ڕێكەوتنەكانی تری نیوانیان بەخۆیەوە ئەبینێت.

دیارە ئەم ڕێكەوتنەش لەسەر بنامای هەمان پرۆسەی ڕێكەوتنە كە لەگەلّ لایەنە عیراقیەكاندا كە بۆ دامەزراندنی حكومەت و پەرلەمان لە عێراقدا پەیڕەو ئەكرێت، كە ئەویش پرۆسەی گونجاندن "تەوافوق"ە كە خۆی لە خۆیدا پرۆسەی چەكوپینەكردنە لە ژێر ناوی دیموكراسیدا. ئەم جورە گونجاندنەش شێواندنی چەمكی دیموكراسییە، چونكە لەم چەشنە ڕێكەوتنانە هێزە دەسەلاّتدارەكان بڕیاردەرن بە ڕەچاوكردنی بەرژەوەندی خۆیان كە بە زۆری لە گەلّ بەرژەوەندی كۆمەلاّنی خەلّك یەكناگرنەوە و ئاشكراشە لە سیستەمی دیموكراسیدا خەلّك ئەبێت خاوەن بڕیار بێت. ئەوەی كە لە نیوان هێزە سیاسیەكاندا باوە لە بارودۆخی ئێستای عێراق و كوردستاندا ئەخرێتە قالّبی (نە شەر نە ئاشتی) یاخود شەرێكی سارد چونكە تەنیا ڕێكەوتن و ئاشتبونەوەیەكی كاتییە كە بارێكی دیاریكراو سەپاندویەتی.

بەدەر لە شێوازی ڕێكەوتنەكە، ئەكرێت بە هەنگاوێك بژمیردرێت كە چەند لایەنێكی پۆزەتیف بەخۆوە ئەگرێت بۆ قۆناغی ئێستا، لانی كەم خەلّك لە دلّەڕاوكی تا ڕادەیەك دور ئەخاتەوە و ترسی ئەگەری مێردەزمەی شەڕی ناوخۆ ئەڕەوێنێتەوە، ئەو شەڕەی كە هەزارەها كەسی كردە سوتەمەنی و جگە لە مالّوێرانی چی دی بۆ كۆمەلاّنی خەلّك نەهێنا. گەر بە بەڕوكەشیش بێت لە ڕوی مەعنەویەوە،پەرتەوازەیی و دابەشكردنی كۆمەلاّنی خەلّكی كوردستان و

وڵاتەکەیان وەلاوە ئەنێت. بەڵام پرسیار لەوەدایە لێرەوە بەرەو کوێ و بە چی ئاکامێکدا ئەڕوات؟ ئایا ئەم شێوە ڕێکەوتنانە لەسەر بنامای گونجاندن چ مژدە و ئومێدێک بە خەڵکی کوردستان ئەبەخشێت؟ وتا چ ڕادەیەک ئاشتی و تەبایی بەرقەرار ئەکات؟

لە ناوەڕاستی شەستەکانەوە ئەم دو باڵە زاڵەی ناو بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە بگرە و بەردەدان و چەشنی پەیوەندی نێوانشیان زیادتر لێکدابڕان بوە وەک لە تەبایی و نزیک بونەوە لە یەکتر. ئەگەر بۆنەیەکی چارەنوساز بۆ هەردولایان نەبوبێت کە ناچار بن بە نزیکبونەوە و ڕێککەوتن لە پیکهێنانی نیمچە بەرەیەکدا، وەک لە پاش هەڵمەتی بەدناوی ئەنفال بەرەی کوردستانیان پێکهێنا یان وەک بینیمان لە پیکهێنانی هاوپەیمانی کوردستان کە مەبەستی سەرەکی هەردولایان وەدەستهێنانی ژمارەی زیاتری کورسیەکانی پەرلەمان و پاشان دابەشکردنی بە نیوەیی لە نیوانیاندا بو.

من ئەم ڕێکەوتنەی سەرکردایەتی هەردو حیزبی خاوەن دەسەڵات بە هەوڵدانێک نابینم بۆ ساریژکردنی برینێکی قوڵ کە هەردولایان دروستیان کردوە لە جەستە و دەرونی خەڵکی کوردستان. بەڵکو خۆی پتر لە فرۆشتنەوەی مافی زەوتکراوی خەڵک بە خودی خۆیان و نرخێکی گران ئەگرێتەوە. ئەو ئیدارە یەکگرتوەی کە بە پێی ئەو ڕێکەوتنە دائەمەزرێت ئەوەی لێ بەدی ناکرێت کە ڕەنگدانەوەی خواست و ئاواتەکانی خەڵکی کوردستانی پێوە دەرکەوێت، ئەوەتا سەرەڕای ووتار و لێدوانەکانی بەرپرسان ومیدیای هەردو حیزبی دەسەڵات، وا دیار نادات کە کەڵکیان لە ئەزمونی ڕابوردویان لە دابەشکردنی وەزارەتەکان لەسەر ڕێژەی فیفتی فیفتی وەرگرتبێت و پێی ناچێت کە عەقلییەتی حیزبی وەلاوە نرێت و کۆمەڵگەی مەدەنی بەرقەرار بێت و یاسا سەروەر بێت، ئەو کەلێنەی کە سیاسەتی حیزبەکان دروستیکردوە لە نیوان خۆیان و خەڵکی کوردستاندا بەم شێوە بڕیارانە پڕ ناکرێتەوە، تا ئەم کاتەش پەیوەندی نیوان خەڵک و سەرکردایەتی حیزب بە پێی ئەو سیاسەتانەی تا ئیستا پەیڕەوکراوە لەڕوانگەی مامەڵەی حیزبەکانەوە لەگەڵ خەڵکدا کە خۆی لە گوێنەدان بە ڕای گشتی خەڵک و خواست و داواکارییەکانیان و چەواشەکردنی ڕاستی داخوازییەکانیان ئەبینێتەوە و سەپاندنی بۆچونی سیاسی حیزبەکان و ناچارکردنی خەڵک بە کشان بەدوای خویاندا و شوشتنەوەی مێشک بەڕێگای کەناڵەکانی میدیای حیزبی و ناوەندی ڕاگەیاندنی ڕیکخراوەکانیان لە هەرکوێبن، ڕاستی ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو جۆرە پەیوەندیە، پەیوەندی سەرکردەو گەل نیە بەڵکو دەسەلاتی حیزبی، ئەو پەیوەندییەی بردوەتە قاڵبی پەیوەندی نیوان شوان و مێگەل. بۆ ئەم مەبەستەش هەموو توانایەکی داراییان تەرخانکردوە بۆ کڕینی قەڵەم و توانای سەدان لە ڕۆشنبیرانی قەڵەمفرۆش کە بە بیانوی جوراوجۆر لە خزمەتی دەسەڵاتدا خۆشگوزەرانی خۆیان خستوەتە پێش بەرژەوەندی خەڵکەوە، نمونەی ئەوانەش زۆر ڕوون و لەبەرچاون. ئەوەش خۆی لە خۆیدا دیاردەیەکی زەق و ئاشکرایە بە مەبەستی چەواشەکردنی خەڵک و لە پێناو داپۆشینی سیمای گەندەڵی کە گەورەترین نەخۆشییە کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ئەناڵێنن لەژێر قورسای ئەو بارەی کە هێناویەتە ئاراوە کە تەنانەت باڵی کێشاوە بەسەر هەموو بوارێکی ژیاندا تا ئەگاتە بواری زانست لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا.

بێجگە لەوانە، ئەو بارە دەرونییەی کە کاردانەوەی ئەو بارودۆخە نائاساییەی دەسەڵاتی هەردولا هێناوێتە کایەوە فاکتەرێکی سەرەکی بوە بۆ چاندنی دڵەڕاوکێ لە ناو ناخی تاکە کەسەکانی ناو کۆمەڵ، بوەتە هۆکاری لەباربونی ناهەمواری و حاڵەتی نامویی و ململانی دەرونی و ڕەواندنەوەی باوەڕ و ئومید بە پاشەڕۆژێکی باشتر. ئەو حاڵەتە سایکۆلۆجیانەش کە هۆی سەرەکین بۆ زاڵبونی بێمتمانەیی، وای لە خەڵک کردوە کە لەو پەڕی ڕەشبینیدا ژیان بەسەر ببەن و خۆپەرستی و پشتگۆیخستنی بەرژەوەندی کۆمەڵ ببێتە دیاردەیەکی زەق و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لاوازتر ببن و شێوەی سەقەتی بگرێتەخۆ و نا ئومێدی بە پاشەڕۆژێکی باشتر و بنیادنانی کۆمەڵگەی مەدەنی و مۆدیرن باڵ بکێشێت بە سەر کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا. ئەم لایەن و دیاردانە پێویستی بە

ئاوڕدانەوەیەکی دڵسۆزانە هەیە ئەگەر چارەسەرکردنی کێشە چارەنوسازەکان بەڕاستی لە چوارچێوەی مەبەستی دەسەڵاتدا بێت.

2006/1/**11**